# گەڕانەوە لە شاخ  شۆڕشگێڕەکان

بەشی یەکەم لە بیرەوەرییەکان بە بۆنەی یادی راپەرین –ەوە.

**د. کەمال میراودەلی**

من حەزم لە بابەتی سیاسی نییە، جا چ جا نووسینی سیاسەت بە شیعر. بەڵام لە لایەکی ترەوە راستیی، حەقیقەت، جوانییە و جوانیش خۆی شیعرە. لە کوردستاندا حیزبە دز و گەندەڵ و خێڵەکی و بنەماڵەییەکان بە بێ حەددو حیساب، پارەی میللەت دەدزن و بە شێوەیەکی بەربەری و فاشییانە دام و دەزگاو میدیاو رۆژنامە و راگەیاندنی بنەماڵیی پێ دادەمەزرێنن کە مەبەستی یەکەم و ئاخریان چەواشەکردن و شێواندنی راستی و دروستکردنی مێژووی درۆ و ساختەیی و شتنەوەی مێشک و بیرەوەریی خەڵکە. دیارە کەمیش نین ئەو زرە ڕۆشنبیرانەی بۆ کەمێ دۆلاری دزراو بوونەتە قاحبەی بنەماڵەکان و قۆندەرەی دەسەڵات و نیشتمانێکیان کردووە بە زێراب و میللەتێکیان لە خاکی خۆیدا بێ خاک و ماف و ئاوارە و زیندانیی و نامۆ کردووە.

مەبستی ئەم هۆنراوەیە هەڵوەشاندەوەی ئەم رەوتە فاشییە و تۆمارکردنی بیرەوەریوەکانە بە شیعر. ئەم بەشە تەنیا سێ ساڵی یەکەمی گەڕانەوەی حیزبەکان دوای راپەڕینی خەڵک و پێش شەڕی خۆفرۆشیی و براکوژیی دەگرێتەوە.

کەمال میراودەلی
لەندەن

**************************************************

## گەڕانەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان

**گەڕانەوە**
**گەڕانەوە**
**لە قووڵایی ئەشکەوتە تارەکانەوە**
**لە ئایدیۆلۆجی براکوژیی و شەڕی پاوانەوە**
**هاتنەوە ماڵ**
**پاشڕەوەکانی ئەنفال و**
**پێشڕەوەکانی ئاشبەتاڵ**
**هاتنەوە ئەمدیو**
**دانیشتن لە سەر تەختی رۆحی راپەڕیو**
**هاتنەوە ئەم ناوە**

بوون به "پاشای عەرشی کەلاوە!"" 1

له شاخەوە هاتنەوە شار
بۆ کۆمەڵگای شارستانیی
بوونه ڕێبەر،
بوونه سێبەر،
بوونه دڵدار!!

گەڕانەوە لە شاخ شۆڕشگێرەکان
چی مابۆوە: ئەنفالستان
چی مابۆوە: کاولستان
کاروانی گۆڕی بەکۆمەڵ،برینێکی قووڵی ناودڵ،
دواهەناسەی سواری دایکم
خەستەخانەیەک ئەلێرە، قوتابخانەیەک ئا لەوێ
چەند دامودەزگایێ، کارخانەیەکی قیرو جگەرە و چیمەنتۆ
ئۆردوگای ئاواران و
تاکە تاکە سەگی برسی دەربازبووی دێیەکان
کە بە دزیی خۆیان بە شاردا دەکرد
لەگەل هۆنراوەیەکی پاییزیی رۆحم
کە پازدە ساڵە نەخەوتبوو
لە هەناسەیش نەکەوتبوو
"هههازادیی، هازادیی".

راپەری رۆحم، لەگەڵیا هەستان برینەکان
لەگەڵیا هەستان گۆڕە بێگۆڕەکان
باباگوڕگوڕ لە ناو چاوما سووتا
خاک خۆی خستە ناو باوەشم
بە دڵمەوە نووساند، گوشیم
چەپکە نێرگزێک بوو تەنیا

**بۆنی نەورۆزی سەربەستیی لێدەهات**

ئەوسا هاتنەوە، هاتنەوە، شۆڕشگێڕەکان
هاتنەوە ئەمدیو
دانیشتن لە سەر تەختی رۆحی راپەریو

هاتنەوە ئەمدیو
نەدیو ،بدیو
ئاودیویان کرد هەرچی مابوو
ئاودیو ، ئاودیو
ئاودیویان کرد پەنجەرەی قوتابخانەکەم
قەرەوێڵەی نەخۆشەکان
بۆڕیی ژێر خاک، تەلی ئاسمان
جانتای کتێبی کوڕەکەم
سەیارەی ئیسعافی ناو شار
ماشێنی خۆڵ
شۆڤڵی جاددەی سەرشەقام
بڵدۆزەر و گرێدەر و دەرزی و دەرمان
کاروانی لۆری و قەمەرە و پاس
کارگەی قیر ،گشت کەرەسە و دامودەزگای سەددی بێخمە ،
گۆزەو دیزەو ئێسک و پروسک و کەللەسەری گوتی و میدیی و لۆلۆیەکان
ئاودیویان کرد ملوانکەی مل،
ئەڵقەی پەنجەی دەزگیرانیی
کازیوەی نامۆی بەیانیی
چرۆی باخ و چاوی کانی
خەونەکانی حاجی و خانی.
" کوردەکان گەورەترین دوژمنی خۆیانن
کوردەکان نیزامی پێوەندی تەلەفونییان نەماوە

رۆژانێک بە لە یەکتر دابڕاوی بە سەردەبەن
گروپە یاخییەکان
بۆ دامەزراندنی دامودەزگای مونافیسی یەکتر:
هەر لە رێکخراوی سەربازییەوە
تا ئێزگەی رادیۆ ،
سەرچاوە کەمەکانی خۆیان تالان کردووە '2

چی مابۆوە
رۆحم و گۆرانییەکەی و
لەشی تەزییوی کۆرپەکەم لە بن هەنگڵم و
دەستێکیشم دەستی هەناسەسوارەکەی
دایکمی رادەکێشا

دەستێکم پاچ
دەستێکم خاچ
گەڕانەوە
شەیداکانی
سەددام و ماچ

هاوڕێیەکەی گاردیان زەنگی لێدا:
باوەرم نەکرد. وتی سەیری تەلەفزیۆن بکە:
دڵم وەستا. راست بوو. راست بوو. راست بوو
بۆلەوەڕی تەڕی ماچەکە ریزیان بەستبوو.
ئەو کچە ئینگلیزە ناسکەی دوێنێ
سەد مرواری فرمێسک و
دوو سەد پاوەندی خستە دەستمەوە
ئەمڕۆ گەڕایەوە
تفێکی خەستیی کردە ناوچەوانم و
وتی !Fuck off

زانیم، زانیم، شۆڕشگێڕەکان گەڕاونەوە!

چی مابۆوە
گۆرانییە بریندارەکەی رۆحم،
لەشی تەزییوی کوڕەکەم لە ناو باوەشما.
دڵم بەرایی نەدەدا
بیخەمە ناو چاڵە قوڕەکەی
بە نقوومبوونی پێم تا سەر ئەژنۆم، دروست بوو بوو،
نا چاوم بەرایی نەدا تا پارچەیەکی گەورەی دڵم
بەربۆوە و کەوتە ناو چاڵەکەوە
ئەوسا رۆحم شل بوو
کۆرپەکەم لە بن هەنگڵم بەربۆوە
نەمهێشت دایکم ئەم دیمەنە ببینێ،
چاوی بە پیریی و شەکرەو سێ ساڵ گریانی بەردەوام،
داهێزرابوون،
بەڵام هێشتا دەستێکم خستە سەرچاوی دایکم و
بە دەستەکەی دیکەم،کوڕەکەم بە بەفرو چلوورەفرمێسک داپۆشی،
بیرێکی خێرا بە کەللەم دا هات:
چاک بوو دایکی  ئەم دیمەنەی نەبینی!
بیرەکە هێشتا ئەندێشەمی جێنەهێشتبوو
لە بەرامبەرما دەرکەوت،
تارمایی بوو،نا خۆی بوو، رووت بوو،
مەمکەکانی قڵیشا بوون،
سەرسنگی تا سەر ناوکی شوێن کەڵپە و نینۆک بوون،
خوێن لە داوێنیەوە دەچۆڕا،
چاوەکانی، وەک چاوی دایکم،
لەوە دەچوو بە گریان کوێراییان داهاتبێ،
ویستم پڕ بە دەم هاواری لێ بکەم و
باوەشی پێدا بکەم. ئەو پێشم کەوت:

هۆگر! هۆگر!
من بۆ ئەو  رۆحم لەم ناوە ماوە، چۆن بێ من دەینێژی؟
ئەوەی وت و لە سەر گڵکۆ بەفرینەکەی هۆگر
هەڵتروشکاو توایەوە.
دایکم: وتی: کوڕم هەڵۆ
گوێم لە دەنگی نازە بوو
وەڵڵا گوێم لە دەنگی نازە بوو
تۆش گوێت لێ نەبوو؟
بروانە، بۆی بگەڕێ
لێرەیە، وەڵڵا لێرەیە
من نەموت ماوەو دێتەوە
لەبەر هۆگر دێتەوە
بروانە، بۆی بگەڕێ
من چاوم کزن، بۆی بگەڕێ
ئەی ئەوە هۆگر کوا؟
بۆ دەنگی نایە؟
– لێرەیە، دایە، لێرەیە
هیلاکە، سەرمایەتی
بە دڵم دامپۆشیوە
خەمی ئەوت نەبێ
بە دڵم دامپۆشیوە!

جێفری ئارچەر پێی وتم:
ئاهەنگی لەدایکبوونی ویلیامی کوڕم بوو
شایی بوو، شامپانیامان دەخواردەوە
تەلەفزیۆنێک لەو ناوە بوو
لە پڕ تۆمان بینی
پارچەیەکی دڵت کەوتە خوارەوە
ئەوسا کۆرپەکەت لە باوەشت بەربۆوە

له چاله بەفرینەکەدا ناشتت
تنۆک تنۆک خوێن رژایه شامپانیەکەمانەوه
مەست بووین
یەکەمجار بوو تامی خوێنی کورد بکەین
مزر بوو، ترش بوو، تاڵ بوو
تامی نەوت و  بەڕووی سووتاو–و روبەهەناری لێدەهات
کوڕەکەم گریا
هەستا
ونبوو
هاتەوه
به نەخشەی کۆنسێرتێکەوه و
تەلەفونی جۆن مەیجەرەوه
– جۆن وتی: منیش پارچه دڵەکەتم بینی
ئەوه پێنج پاوەنەکەم بۆ کۆنسێرتەکه
ئەوه هەواری ئارام بۆ دایکت

برینەکەم گەوره بوو به بارتەقای جیهان
هاوارەکەم ئاخری گەیشت به ئاسمان
له سەر لەپی دەستی UN
پەیمانی سوپەردەوڵەتان
دایان به رۆحی پڕ له زام
هەوارێکی ئاشتیی و ئارام
بنەڕەگم دەڕوێمەوه
نیوەڕۆحم نابڕێمەوه
به ئازادیی و بۆ ئازادیی دەژێمەوه

دایانا وتی: تۆم دی و گریام.
ئەوه بۆ که گەیشتی بۆ زەماوەندەکەم نەهاتی؟
منیش دێم و پارچەیەکی دڵمتان دەدەمێ!

وتم:  جۆن! ئەی گۆرانییەکەی دڵم
ئەی بەهای مەرگی کوڕەکەم
" ئازادییم دەوێ نەک نان
"ئازادی نەتەوەیی خەونی ئێمەیە
هیچ شتێکی تر تیشکی هیوا
بۆ چاوی غەمگینی مناڵەکانمان ناگێرێتەوە." (3)
وتی: پەرلەمانم دەیە، ئازادیت دەدەمێ.
دایکم گوێی لێبوو
زیندوو بۆوە
بۆوە بە کچی چواردە ساڵ
وتم: چیتە دایە؟
وتی: چۆن دەچمە زەماوەندی دەنگدان!
لە بەری بەیانییەوە
تا ئێوارە لەگەڵ سەدان هەزار ژن و
رۆحی سەد هەزار ئەنفالیدا وەک داربەروویەک وەستا
دایکم بۆوە بە کچی تازە
نەنکم دەتگوت کارمامزە
لەشکری ئاوارەی ئەنفال
پاشماوەی دێ، خڕبۆوەی شار
پیر و پەککەوتە،
گەمژەو هوشیار
ریزیان بەست بۆ هەڵبژاردن
بۆ پەرلەمان، بۆ سەلماندن
بۆ ئازادیی راگەیاندن
نوێبوونەوەیە، گۆڕانە
یەکەم هەنگاو، دوا هەنگاو،
پەرلەمانە.! پەرلەمانە.!
زەماوەندی حکومەتی کوردستانە!

**جۆن وتی: ئێوە وێستمینستەرتان هەڵبژارد**
**ئارچەری نارد پیرۆزبایی لە دایکم کرد و**
**نەخشەیەکی نوێی کوردستان و مستێ خۆڵی نەوتاوی کۆیەی به**
**دیاری بردەوە!**
**ئارچەر وتی:**
**" پەرلەمان و دیمۆکراسی کورد دەبێ کار بکەن**
**ئەگینا کورد دەکەوێ و خەتای خۆیەتی**
**من بۆ بەکارخستنەوەی کارگەکانی چیمەنتۆ و جگەرە و**
**نەوتی کۆیە کار دەکەم!" 4**

**وتم: جۆن کاتییەتی،**
**نان نا. ئامان نا،**
**بەڵێنی بێ پەیمان نا،**
**ئازادیی! ئازادیی! ئازادیی!**
**جۆن وتی: بڕۆ ئۆبزێرڤەر بخوێنەوە!**
**بنکردەیەک** لە رۆژنامەی ( ئۆبزێرڤەر) ی لەندەنیدا (12 /1 /1992)
**نووسیبووی:**
( نیسانی رابردوو سەرکردایەتی کورد دەستی بە وتووێژ کردن لەگەڵ بەغدا کرد بۆ زامن کردنی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانەو دیمۆکراتی بۆ مەسەلەی کورد... ئامانجمان هەمیشە ئۆتۆنۆمی کورد بووە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیمۆکراتیدا.. هەموو رێکەوتنیك دەبێ راستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا وتووێژی لەسەر بکرێ. ئەمە مانای ئەوە نییە گرنگی کەم بە کۆمەڵگای جیهانی بدەین، بەڵام ئۆتۆنۆمی خواستێکی کوردییەو دەبێ لە لایەن کورد خۆیەوە چارەسەر بکرێ.)!5
**هاوارم کرد:**
"هاوار... هاوار!! چ رووی داوە!
کورد خۆی چۆن چارەسەری مەسەلەکەی لەگەڵ سەددام و کیمیاویدا دەکا؟!
ئۆتۆنۆمی یانی چی و بەرهەمەکەی تا ئێستا چی بووە؟!
ئایا کورد قەت لەلایەن حکوومەتی مەرکەزییەوە دڵی هێشێنراوە؟!]6
**وتیان:**

**چمان داوە لە دنیا**

**ئێمە شەیداین شەیدای بەغدا**

**کلیل وا لە دەست سەددامدا!**

[لەو کاتەدا کە دنیا بۆ کورد دەگریا.

کە جیهان وشەی کوردو نەخشەی کوردستانی ناسی..

کە ویژدانە زیندووەکان، قەلەمە پاکەکان، پەرلەمانی ئەوروپی، ئەڵمانیا، یاسازان و مرۆڤپەروەرانی جیهان داوایان دەکرد جەللادە کوردکوژەکان: عەلی کیمیاوی و دارو دەستەکانیان، هەروەك موجریمە نازییەکان بدرێنە دادگای جیهانی و سزای رەوای خۆیان وەربگرن...

سەرۆك دەوڵەتانی ناسراوی وەك لێخ ڤالیسا هاواریان دەکرد: (کاتی ئەوە هاتووە کورد ئازادبێ)..........

لەو کاتەدا کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی بوونی کوردا، بڕیارێکی تایبەتی نەتەوەیەکگرتۆکان بۆ پاراستنی درا

لە کاتێکدا لە هەموو دنیادا بزووتنەوەی نەتەوایەتی ژیاوەتەوەو گەلان یەك لەدوای یەك ئازاد دەبن:

لەو کاتەدا:

ئەو گەلەی هێشتا برینە نەتەوەیی یە زلەکەی خوێنی گەشی200،000 شەهیدی ئەنفالی لێدەهات...

ئەو گەلەی کە هێشتا باغ و دارو درەخت و کانیاوەکانی لە گیانەڵای خەزانی گازی کیمیاوی دابوون...

کە هەڵەبجەکەی لە گەرووی هیرۆشیمادا بوو،

کە کوردستانەکەی نە دێی تێدا مابوو، نە شار.

کە کۆمەڵگایەکەی نە کەلتووری مابوو نە کەرامەت...

لەجیاتی ئەوەی ئامێزی گیان و هۆش و ئۆقرەو ئۆخەی بەو دەرفەتە مێژوویی یەدا بکا:

- سەرکردەکانی باوەشیان بە جەللادەکانیدا کردەوە

ڕۆژ تێپەری.

حەفتەو مانگ تێپەری.

ساڵ تێپەری.

وتووێژی برایانە کۆتایی نەهات.

بە خێرایی (ثقە)) درووست کرایەوە.

((ثقە)) بووە هەموو سیاسەتێك، هەموو هەلومەرجێك، هەموو نەخشەیەك.

((ثقه)) ی سەددام و عەلی کیمیاوی.. بووە بەدیلی ئەو هەموو هاوارەی دنیا، ئەو هەموو دەرفەتە مەزنەی بەرێکەوتی رۆژگار بۆ کورد هەڵکەوت.[7

**ئەوسا زانیم، زانیم، شۆڕشگێڕەکان گەڕاونەوە!**

**.......**

**چی مابۆوە: نەتەوەکەم. هیوا. خەون. کۆڵنەدان و نەبەزین.**
**لە سەردانی ئەمجارەمدا بۆ سلێمانی، مامۆستا فەرهادم بینییەوە.**
**برسییە. مناڵەکانی رووتن. هەفتەیەکە ریشی نەتاشیوە. شەرمی کرد کە ناتوانێ لە ماڵە ئێسقانییەکەیدا تەنانەت ئیستیکانێک چاشم پێشکەش بکات.**
**بەڵام مامۆستا فەرهاد وەک هەمووان، سەری بچێ دەرسی ناچێ.**
**وتی: دوێنێ خوێندکارەکان خواردنیان بۆ مامۆستاکان هێنابوو.**
**چش! ئازادیی بە برسێتی تێر دەکەین. ژیان بە قوربانیی دروست دەکەین. وڵاتێکی ئازاد بە ئاشتیی و یەکێتیی و زانست دەنەخشێنین. نەوەی نوێ بۆ دەوڵەتی سبەینێ دەسازێنین.**

**هاتنەوە، هاتنەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان.**
**هەڵمان بژاردن بە سەرۆک، بە رێبەر، بە پەرلەمان.**
**نوێنەرانی دیمۆکراسیی، زمان و زامنی یەکێتیی گەل،وێنەی پاک و روخساری جوانی نیشتمان.**

**لە شاخەوە هاتنەوە شار**
**بۆ کۆمەڵگای شارستانیی**
**بوونە رێبەر،**
**بوونە سێبەر،**
**بوونە دڵدار!!**

**چی مابۆوە**

**برسێتیی. هیوا. خەون. رەنج. کۆڵنەدان.**

گوندی وێران و گۆڕی بە کۆمەڵ و گڕ و قینی بابا گوڕ گوڕ. چارەنووسی نازەی ژنم.
بەفرەیادیی هۆگری کوڕم.

چی مابۆوە

ئەلف و بێی نوێ بۆ نەوەیەک ئەنفال کردی بە سەد داستان.
ئایدیۆلۆجییەک گەل دروست کا: یەک نەتەوە، یەک کوردستان.
خاکێک لە نوێ بژێتەوە
سەرچاوەی هەڵقوڵێتەوە
ڕێوبانی دابنێتەوە
دێهاتی ببوژێنێتەوە
ئابووریی داڕێژێتەوە
یەک دڵ، یەک بازوو، یەک باوەڕ،
مێژووی نوێی بنووسێتەوە

کەرکوک دیاربەکر لە باوەش کاو
مەهابادیش لە هەولێرا
ئالاکەی بشەکێتەوە

ڕۆیشتم بە دەستی خۆم قوتابخانەکەی سەرەتاییم
لە مەرگە دروست کردەوە
منالەکان کەوتنەوە ئاوازی دارا دوو داری دی.

هاتنەوە
هاتنەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان
هاتنەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان
هاتنەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان

سەری رەش و سەری سپی و سەری سوورو  سەری سەوز و سەری زەرد و سەری شین و سەری مۆر و سەری بۆر و سەری بۆز و سەری قاوەیی و  سەری پەمەیی و  سەری رووت و سەری پووت  و سەری کوڵکن و سەری چڵکن و سەری کەچەڵ و سەری مەنجەڵ و سەری گەندەڵ و سەری بەکەڵ و سەری بە کوڵک و سەری بێکەڵک و  سەری حەشەری و سەری سەرسەری و هتد...

هەر هەموویان کرد بە مڵکی شەخسیی خۆیان...

بە بێ بیر ، بەبێ پەیام، بە بێ یاسا ، بە بێ فەرمان

بوون بە خاوەنی هەموو شتێ،

بوون بە خودا، بوون بە سوڵتان

پەرلەمانیان کردە پێیان

باوەشی گەرمیان کردەوە

بۆ بەعسی و ئەنفالچییەکان

بۆ هۆگر و نازەکوژان

چی مابۆوە

هەناسەی برسێتیی و هیوا

هیوا، هیوا، هیوا

نان و کتێب و ئەلف و بێی ئازادیی و دیمۆکراسی بۆ منداڵەکانمان

حەبی هەناسەسواریی و شەکرە بۆ دایکم

پاچ ۆ بیڵ و ماشێنیک و برێ پارە بۆ مام هۆمەر و

منداڵەکانی تا رەزی ترێ و باخی هەنارو هەنجیر و

بێستانی کاڵەک و شووتی بژێنێتەوە و

بە بار

بیانهێنێتەوە بۆ شار

هاتنەوە

هاتنەوە ناو شار شۆڕشگێرەکان

قوتابخانەی سەرەتایی شارۆچکەکەم

بوو بە بارەگای سەوز
خەستەخانەکە بوو بە بارەگای زەرد
کانی ژنان بوو بە بارەگای شین
کتێبخانەکە بوو بە بارەگای سوور
رەوزەکە بوو بە یەکێتی قوتابیان
دایەنگەکە بوو بە کۆمەڵەی خوێندکاران
مونەززەمەی بەعس بوو بە مەڵبەندی سەوز
ئەمنخانەی بەعس بوو بە بارەگای زەرد
دادگا بوو بە ماڵی شۆرشگێڕی یەکەم
حەمامی گشتی بوو بە مالی ژنی دووەمی شۆڕشگێری سێیەم
خانووی دادوەریی بوو بە دیوەخانی تایبەتی ئامۆزای شۆڕشگێری شەشەم
لە سەر داگیرکردنی دایەنگەی ساوایان و باخی بێنەوایان
بوو بە شەڕە چەقە و شەڕە چەقۆ

چی مابۆوە هۆنراوە زامدارەکەی رۆحم
لە ژێرەوە هەر دەیچریکان
چی مابۆوە دوا تروسکەی چاوی دایکم
چاوەڕوان بوو بۆ نازە، بۆ هۆگر، بۆ هەمووان.

هاتنەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان
بوون بە خاوەنی هەموو شتێ،
بوون بە خودا، بوون بە سوڵتان
دەستی پێکرد
شەڕە پەڕۆ
شەڕە دەنگ و شەڕە رەنگ و شەڕە چەنگ و شەڕە سەنگ و شەڕە
سەگ و شەڕە کوتەک و شەڕە گەڕەک و شەڕە کۆڵان
وەزیر وەزیری دەترسان
جێگر وەزیری دەخەسان

وەزیر جێگری دەتسان
حیزب  بوو بە باسی باسان

پەرلەمان بوو بە هەتیوێک
بێ  دەسەڵات، بێ ناونیشان

بە چاوی خۆم مناڵی ناو پاسی زەردم بینی
مناڵی ناو پاسی سەوزی دەدایە بەر جنێو باران
لاوی سەوز لاوی زەردی دەدایە بەر تف و گۆچان

هاتنەوە، هاتنەوە "یەکێتیی" و
"دیمۆکراتیی" کۆردستان!

چی مابۆوە، خەونەکەم، هۆنراوە زامدارەکەی دڵـم
کە نەیتوانی بیانکۆژێ: نە بەعس،نە ئەنفال،
نە دەربەدەریی، نە زیندان
چی مابۆوە برسێتییەکەی مامۆستا فەرهاد
جحێڵ بوونەوەی دایکم لە خۆشی پەرلەمان!

هاتنەوە، هاتنەوە "یەکێتیی" و
"دیمۆکراتیی" کۆردستان!

دەستی پێکرد شەڕە گومرک، شەڕە پارە،
شەڕە تالان
کۆنەقین و خێڵ و پاوان
هاتن لەو دیو سنوورەوە
چرپەو فەرمان
هاتن لەو دیو سنوورەوە
تارمایی رەش

حیزبوڵلاکان
تینوو بوون بۆ
غەزایەکی نوێی کوردستان
تینوو بوون بۆ
خوێنی کچان
هاتن لەو دیو سنوورەوە
تارمایی رەش
تارمایی رەش
تارمایی رەش
نەخشەو پیلان!

دایکم وتی: کوێر بم بۆیان
کوێر بم بۆ مامە و بۆ کاکە
دەبێ ئێستا حاڵیان چ بێ
چەند ساڵە برسین، سەرگەردان
چەند ساڵە شاخ نشینن ئەشکەوت-نشین
قوربانیان بم - بۆ پاراستنی ئێمەو ئازادی کوردستان
کوێر بم دەبێ ماڵ و منداڵیان چۆن بژین؟
دەبێ ئێستا حاڵیان چ بێ
چ بخۆن چ لە بەر کەن
کوێر بم ملوانکە زێڕەکەی نازە
لە رەوەکەدا فەوتا
دەنا ئێستا
بۆم دەفرۆشتن، دەمنارد بۆیان

وتم: دایە بۆ ملوانکەکەی نازەت دەدا بە ئەوان
وتی: ئەی چۆن کورم؟
ئەی کێیە کە شاوو رۆژ بیر لە ئێمە دەکاتەوە؟
ئەی کێ تۆڵەی نازەو هۆگر و شەهید و شارو گوندمان دەکاتەوە؟

کێ دەبێ بە باوکی حەڵاڵ
بۆ هەموو منداڵانی ئەنفال؟
بە خودای، کوڕم، کوێر بم ماڵ و منداڵی خۆیان برسی و
رووت دەکەن
دێن وەک ئەنفالکراوەکان لە خێوەتدا دەژین
تا  دوا مندالی ئەنفال تێر و پۆشتە نەبن
تا تۆڵەی ونبۆکان نەکرێتەوە
پاروویەک ناخەنە ناو زاری خۆیان!

لە گەڵ ئەم قسانەدا دایکم هەناسەی سواربوو
فێی لێ هات
چاوی ئەبڵەق بوو
هێشتا دەمی دەجووڵا
هێشتا چاوی بریقەی هیوای تێدا بوو
لە پڕێکا وەستا
هەموو شتێ وەستا
دایە، دایە، دایە
نازە، نازە، نازە
هەڵۆ، هەڵۆ، هەڵۆ
لە مردنی دایکمدا هەموو هاتنەوە
لە مردنی دایکمدا هەموو ئەنفالکراوەکان ئێستا دەمردن
دنیا بە سەرمدا رووخا
باوەشم بە دایکمدا کرد
نا نابێ نابێ نابێ
دایە هەر ئێستا هەر ئێستا هەر ئێستا
دەتگەیەنمە دکتۆر دکتۆر دکتۆر دکتۆر
هەڵمژەی تەنگەنەفەسی و حەبی شەکرەت بۆ دێنم
هەڵمژەی تەنگەنەفەسی و حەبی شەکرە
حەبی شەکرە حەبی شەکرە حەبی شەکرە

دایە، چاو بکەوە ئەوە نازە و هەڵۆ هاتوونە لات
نازە و هەڵۆ نازە و هەڵۆ نازە و هەڵۆ
دایکمم خستە باوەشمەوەو وەک شێت رام کرد
خەستەخانەکە نەمابوو، دەمێک بوو تاڵان و ئاودیو کرابوو
عیادەکەش ببوو بە ماڵی شۆڕشگێری حەوتەم
رام کرد تا لە جاددەکە بپەڕمەوە و بیگەیەنمە مالی دکتۆر فەرمان
دکتۆر فەرمان دۆستە دڵسۆزە قایمکارە
دەبێ حەبی شەکرەی هەبێ
دەبێ دەرزییەک لە دایکم بداو چاکی بکاتەوە
دەرزییەک لە دایکم دەداو چاکی دەکاتەوە
دایە دکتۆر فەرمان دەرزییەکت لێدەداو  چاکت دەکاتەوە
ئەوسا دنیاش خەرا بێ ناهێڵم حەبی شەکرەت لێ ببڕێ
لە گەل نازەو هەڵۆ دەچینەوە گەرمیان
دایە دەچینەوە گەرمیان
گوندەکەمان دەکەینەوە گوند
گوندەکەمان دەکەینەوە گوند
گوندەکەمان دەکەینەوە گوند
دایە دەچینەوە گەرمیان
گوندەکەمان دەکەینەوە گوند

دایکم بە سەر شانمەوە بوو
کاکلەفەندی دراوسێمان ئێمەی بینی
سەیری دایکمی کردو گوتی: شوکر باشە
سەیری دایکمی کردو گوتی: ئەوە خۆ شوکر شەکری خەندەی لە سەر زارە!
وتی بوەستە بوەستە سەیارەکەی خۆم دێنم
وتی بۆ خۆم دەتانبەم بۆ لای دکتۆر فەرمان
بۆ خۆم دەتانبەم بۆ لای دکتۆر فەرمان
بۆ خۆم دەتانبەم بۆ لای دکتۆر فەرمان

لـەم بەری جاددەکە وەستا بووین
کاکلەفەندی هێشتا سەیری خەندەیەکی سەیری
لە سەر لێوی دایکم دەکرد
لە ناکاو تەپ و تۆز بەرز بۆوە
دنیا شڵەقا، شڵەژا
دنیا شڵەقا، شڵەژا
دنیا شڵەقا، شڵەژا
خەڵک رایان دەکردە ئەم بەر و ئەو بەر
دەم و چاوی دایکم و خەندەکەی لە ناو تەپ و تۆزدا نقوم بوون
دەنگی کاکلەفەندی لە ناو راکەو غەڵبەغەڵبا نقوم بوو
چ بوو، چ قەوما
شۆڕشگێڕی نۆیەم بەو ناوەدا دەهات
پازدە سەیارە لە پێشیەوە بەتیژی دەڕۆیشتن و پازدەش لە دواوە.

کاکلەفەندی وتی: ببوورە...ئەوسا سەیری دایکمی کرد لە باوەشما
تێکچوو.. گوتی: با جارێ بیبەینەوە ماڵەوە
من بۆ خۆم سەیارەکە دێنم
با جارێ بیبەینەوە ماڵەوە
من بۆ خۆم سەیارەکە دێنم
جارێ بیبەینەوە ماڵەوە
وتم: ئەی نازە و هەڵۆ چییان لێهات؟
وتی با جارێ بچینە ماڵەوە
ئەی نازە و هەڵۆ
بچینەوە ماڵەوە
ئەی نازە و هەڵۆ
ماڵەوە
ماڵەوە.

گەڕانەوە لە شاخ شۆڕشگێڕەکان

**گەڕانەوە**
**گەڕانەوە**
**لە قووڵایی ئەشکەوتە تارەکانەوە**
**لە ئایدیۆلۆجی براکوژیی و شەڕی پاوانەوە**
**لە خیانەتگاکانی دیمەشق و**
**کەرەج و تارانەوە**
**هاتنەوە ماڵ**
**پاشڕەوەکانی ئەنفال و**
**پێشڕەوەکانی ئاشبەتاڵ**
**هاتنەوە ئەمدیو**
**دانیشتن لە سەر تەختی رۆحی راپەڕیو**
**هاتنەوە ئەم ناوە**
**بوون بە "پاشای عەرشی کەلاوە!""**
**=====================**

**1. ناونیشانی وتارێکی حەمەسەعید حەسەن – ە.**

---

2.کریس هێدگس، کوردەکان خراپترین دۆژمنی خۆیانن، رۆژنامەی هێرالد تریبیون، 2/7/ لە پەیڤی نوێ ژمارە دوو ، بەهاری 1992 دا بڵاوکراوەتەوە

3. رستەیەکە لە نامەیەکی نووسەر بۆ جۆن مەیجەر کە بە دەست بۆ جۆن مەیجەر بردرا و دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانی باسیان کرد، لە پەیڤی نوێ ژمارە دوو ، بەهاری 1992 دا بڵاوکراوەتەوە.

4. **دەقی قسەی جێفری ئارچەرن، چاوپێکەوتنی هەنگاو ، ژمارە** 7/6 ، 1994، ل 1

5. تەرجەمەکەی لە پەیڤی نوێ، ژمارە دوو، بڵاوکراوەتەوە. ل 24

6- 7. رستەکان لە دەقی وتارێکی نووسەرن لە پەیڤی نوێ، ژمارە دوو، 1992 بڵاوکراوەتەوە.

•